www.kurdistannet.org
1-4-2003 22:49

دوای سەفەر حەزەکان مردن

ڕزگار عبدالکریم

هە موو ساتێك ئادە م ئاسا حە ز وئارە زووی حە وا دە کە م، دە مە وێ هە ر چۆنێك بێت دە نگم بگاتە گوێت. . ئە وسا ئە زانی چۆن چیرۆکی نە هامە تی سە ردە می دابڕان و ئازاری بێ ژووان و بێ عیشقیت بۆ دە گێرمە وە، تە مە نم سە یر دە ڕواو، ڕۆژان دە ڕواو ژیانیشم مە رگە ساتی هە میشە یی، وە رە و دڵ زویر مە بە، پە لم بگرە و بە دوای خۆتدا بە کێشم بکە بە رە و دە ریای ناخی پڕ لە خۆشە ویستیت. . ئە گە ر چی زۆر جار دە لێم کە تۆ لە من ناگە یت چونکە زمانی تۆ گە لێ جیاوازە، جیاواز وە ك ژین و مردن. .

سارد و گە رم. . حە زو ڕق. . . من سە رە تا بە کە شتی دڵمە وە بە رە و دە ریای خۆشە وێستیت هاتم و کە وتمە قوڵایی دە ریای خۆشە ویستی یە وە بە و نیازە ی بە رە و کە ناری کۆتایی بڕۆم. . بە لام سە د داخ. . نە بۆت کراو نە بۆم کرا. . هیچ هە وڵێکیشت لە گە ل نە دام، لە هە موو هە نگاوێکیشمدا هە ر تۆش دروست کە ری بە ر بە ست بووی، وە لێ دڵگرانیش مە بە لێم. . من مابە ستمە ڕاشکاوانە بدوێم. . من ماوە یە کی زۆر بە گومان بووم تە نانە ت دە ترسام لە وە ی بیلێم، بۆیە کا هە موو شتە کانم لە ناخی خۆمدا هێشتە وە، بە لام ئێستا سە ربە ستانە دە دوێم، چونکا ئە و دە مە هە موو ترسی من بۆ ئە وە بوو کە لێك دابڕێین، بە لام ئێستا لێك دابراین.

ئێستا وە ك شە وانی تری تە مە ن لە خە یاڵمدای. . یادت دە کە م. . بیرمە پار لە شە وێکی وە ك ئە م شە ودا کاغە زە کانم بۆت نووسی، نامە یە کی پڕ لە پرسیار کە هە موویان بێ وە لام بوون بۆیە کا هە ر ناوم لێ نا {پرسیارە بێ وە لامە کان } هە مان شە و تۆش لای خۆتە وە گە رچی بێ ئاگابووین لە یە ك بێ وە لامت دابونە وە، کاتێك سبە ینێ پێك گە شتین هە ردووك بێ ئاگا لە یە ك غە رقی دونیای خە یاڵی یە ك بووین. . ئە و ساتە شی کە کاغە زە کە م دایتێ پێم ووتی"بە هیوای وە لام دانە وە یم". . دە می جانتا- کە ت ترازان وبێ هیچ دوو دڵی یە ك کاغە زێکی ساکارت دایە دە ستم کە هیچ کات وە ك هی من نە بوون. . من لە گە ل ڕازاندنە وە دا هیلاکیم پێوە چێشت. . شە وانی دووروودرێژ بزواندنی ناخ. . تۆش دیار بوو هیچ گرنگیت پێ نە دابوو داتە دە ستم. . پرسیم"ئە مە چی یە؟"

بە گلە ی یە کە وە ووتت"تۆ ناڵێی لە وە تە ی پرسیار دە کە م پرسیارە کان وە لامیان نی یە، من ئە م شە و ئە و چە ند دێڕە خە یاڵی شێواندم، وای لێ کردم زیاتر و زیاتر بیر بکە مە وە، بۆیە سە رە نجام گە شتمە ئە و باوە ڕە ی ئە م چە ند دێڕە بنووسم. . هیوام وایە لە کە موو کوڕی یە کە ی ببوریت" بە خۆشی یە وە ووتم"زۆر سوپاس" لە وە تە ی حە زە کانم گە ورە دە کە م لە ناو پانتایی ڕۆحما ماسی یە سورە ی حە زە کانت گە ورە دە بوو، ئومێد و ئاسۆی گە ورە م لا دروست دە بوو. . زۆر جار ئومێدم دە کرد کە بتوانم هە موو ئە و شتانە بکە م کە تۆ پێت خۆش بوو. . بە و وە زعە وە پرسیم "دە بێت ئە م نامە یە چ وە لامێکی لە خۆ گرتبێت؟ " پێت ووتم" کە خوێنتە وە دە زانێت" ووتم "ئاخر چی تێدا نوسراوە ؟" ووتت "ئە وە ی تۆ دە تە وێت. . " پێم ووت' کە واتە پرسیارە کانم فڕێ بدە " ووتی " نا وا مە لێ. . مادام تۆ نوسیوتە هە ر پێم خۆشە "وتم" نازانم بە چ زمانێك سوپاست بکە م ؟ ئێستا هیچ گوزارشتێکم بۆ ئە م کاتە نیە.

یە ك ڕۆژ لێم بۆستە ئە وسا دە بینی چ نامە یە کت بۆ دە نووسم !" هە ردووك پێکە وە دامانە پێکە نین. . بۆ گاڵتە ووتت"جا خۆ من بازرگانیت لە گە ڵ ناکە م، ئە کرێت من شت بنوسم تۆش بە رامبە ر بە وە شتێ بنوسی یان بە پێجە وانە وە " بە پێکە نینە وە ووتم " نا. . بە لام. . . . " وتت تە واوی مە کە. . . . ئای کە ڕۆژانێکی سە یر بوو !

ئێستا وئە وسا دوو دنیای جیاوازە. . ئە و دە مە لە مە رگە ساتیش دا هیوای پێ دە بە خشیم. . کە جومگە یە کی قاچم ترازا و لە یە کێك لە نە خۆشخانە کان خستیانم چ زوو گە شتە سە رم. . خۆشم نە م زانی چۆن ئە و هە واڵە ی زانی بوو! هێندە م زانی گریا تۆ ئە و کاتانە ی دە گریا ڕاستگۆیی بە سیمایە وە دیار بوو. . هە ر ئە وکاتە من هە ستم دە کرد بە شێك لە ئازارە کانم کە م بۆوە.

ماوە یە ك دیار نە ما. . لە فرسە تێکدا بینیم. . ووتم' بۆ ئە وە ندە بێ هە واڵی؟' ووتی " واتێ مە گە. . لێکیش دوور بین تۆ هە ر لام شیرینی " هیچم بۆ نە مایە وە بیلێم. . وتی" سە فە رێکم لە بە ر دە مایە و دە بێت لە کورترین ماوە دا بڕیار بدە م ووتی "تۆ دە لێی چی؟" " چی بڵێم کە خۆت بڕیارت دابێت؟" " من قسە ی تۆ م بۆ مە بە ستە " " بە من بێت نە چیت، من چۆن ماوە یە ك بێ تۆ ئیدارە دە کە م ؟" ووتی " نا. . مانگێك زیاتر ناخایە نێت. " سە ردانە کە ی لە خۆوە خستبومی یە گومانە وە. . هە زارە ها خە یاڵی ناجۆر. .

کە هە رگیز چاوە ڕوانم نە دە کرد. . ڕۆشت و پاش ماوە یە ك گە ڕایە وە. . کە گە ڕایە وە هیچ شتێك وە ك خۆی نە مابوو. . ئە وپە ڕی حە ز بووە قینێکی بێ هۆ. . کە خۆشی نە یدە زانی بۆ ؟ هە موو شتێ گۆڕا زمان. . دڵ. . سیما. . بە تە نها ناوە کە ی وە ك خۆی مابوو بۆی یە کا کە بۆ دواجار دواین هیچ کامێکمان نە مانتوانی لە وە زیاتر بدوێین، بۆیە کا سە فە ری لێکی دابڕاندین.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣